

PSEXPRESS
The
CURIOUS CASE of
BENJAMIN BUTTON

# کەیسە سەیرەکەی بنیامین بەتن

**بابەت: چیرۆک**

**نوسینی: فرانسس سکۆت فتسجێرەڵد**

**وەرگێڕانی: ڕێناس مراد**

# کەیسە سەیرەکەی بنیامین بەتن

**پێشەکییەک دەربارەی چیرۆکەکە :**

**چیرۆکێکی خەیاڵاوی تەنزئامێزە دەربارەی تەمەن. باس لە لەدایک بوونێکی زۆر سەیر دەکات کە تەواو پێچەوانەی لەدایک بوونی ئاساییە. منداڵێک لەدایک ئەبێت، باشتروایە بڵێن پیاوێکی پیر لەدایک دەبێت، پیاوێکی شێوە حەفتا ساڵە.**

**سوڕی ژیانی خەڵکی ئاسایی بەم شێوەیە : منداڵی > گە نجی> پیری>مردن**

**بەلاّم هی بنیامین بەتن بەم شێوەیە بوو: پیری> گە نجی> منداڵی> مردن**

**نوسەر بەشێوەیەکی کۆمیدی ئەم سوڕە پێچەوانەیەی ژیانمان ئەخاتە پێش چاو. لێرەوە دەست پێدەکەین کە خەوەنوتکە دەیبردەوە لە ناو منداڵەکانی باخچەی ساوایان، یان بنیامین حەزی لە جگەرەکێشان بوو کە چی شەق شەقەیەکی دەدرایە دەست و دەبوو یاری بەو شەق شەقەیە بکات تا ئەو ڕۆژگارەی کە ئەچێت بۆ سەربازی و ئەڵێن بچکۆل تۆ کوڕی کێیت! ...**

**ڕێناس مراد**

**٢٠٢١**

پیاوە پیرەکە وتی، " ناتوانم بەتەواوی بڵێم من کێم. هەرچەندە کاتژمێرێك دەبێت لەدایك بووم بەڵام دەزانم ناوی بنەماڵەکەم بەتنە."

چیرۆکەکەمان دەست پێدەکات لە هاوینی ١٨٦٠ لە شارێکی قەرەباڵغی بۆڵتیمۆر. لەوسەردەمەدا منداڵان لە ماڵەوە لەدایك دەبوون نەك نەخۆشخانە. بەڵام کاك ڕۆجەر بەتن و خێزانەکەی بیرکردنەوەیەکی جیاوازیان هەبوو. دەیانویست یەکەم منداڵیان لە نەخۆشخانە بێتە دنیاوە.

تۆ بڵێت ئەوە هۆکارێك بێت بۆ ڕوودانی ئەم چیرۆکە نامۆیەی کە بۆتانی دەگێڕمەوە؟ من تەنها دەیگێڕمەوە کە چی ڕوویداوە دواتر ئێوە دەتوانن بڕیاربدەن.

خانەوادەی ڕۆجەر بەتن بەناوبانگ بوون لە بۆڵتیمۆر. هەموو خێزانە بەناوبانگەکانی ئەو ناوچەیان دەناسی. ئەم منداڵە نۆبەرەیان بوو، بۆیە کاك ڕۆجەر زۆر بە پەرۆش بوو. حەزی دەکرد کوڕیان ببێت تا بینێرێت بۆ زانکۆی یەڵ لە کەنێکتیکەت.

لەبەرئەوەی خۆشی لە زانکۆی یەڵ خوێندویەتی، بێگومان دەیویست کوڕەکەشی وەك خۆی لێبێت لەوێ.

ڕۆژە گرنگەکە گەشت. سەرلەبەیانیەکی مانگی ئەیلول، ڕۆجەر بە پەلە ڕۆشت بۆ نەخۆشخانە تا هەواڵی ژنەکەی و کوڕەکەی بزانێت.کاتێك نزیك بووەوە لە نەخۆشخانەی تایبەتی ماری لاند، لەسەر قادرمەکانی پێشەوە دکتۆری خێزانەکەیی بینی. بێزاری بە ڕوخساری دکتۆردا دیاربوو، ئەمەش ڕۆجەری نیگەران کرد. بە پەلە ڕۆشت بەرەو ڕووی دکتۆر و بانگی کرد. " دکتۆر کین! دکتۆر کین!"

دکتۆر بە گوێبیستنی بانگەکە ئاوڕی دایەوە. کە ڕۆجەری بینی، نیگەرانیەکەك ڕوخساری دا پۆشی.

ڕۆجەر پرسی، " چی ڕوویداوە؟ چی بووە؟ خێزانەکەم چۆنە؟ ئەی کوڕەکەم؟ چی بووە؟"

دکتۆر بەکەمێك توڕەییەوە وتی، " ئارام بەرەوە."

"ئایا منداڵەکە لە دایك بووە؟"

دکتۆر کێن دوای کەمێك وتی، " بەڵێ." بەهێواشیەوە وتی، " لەدایك بوونێکی سەیر."

"ئەی خێزانەکەم باشە؟"

"بەڵێ"

"کچە یان کوڕە؟"

"برۆ و ببینە."

دکتۆر بە شێوەیەکی نامۆ هێشتا توڕە دیاربوو."کێشەیە! کێشەیەکی تری وەك ئەمە کۆتایی بەکاری پزیشکیم دەهێنێ."

"چی بووە؟ منداڵەکە سەلامەتە؟"

"برۆ و بیانبینە. وە دواتر دکتۆرێکی تر بێنە بۆ چاودێری خێزانەکەت. گە نجۆ من تۆم هێناوە ئەم دنیاوە، وە چل ساڵ دەبێت چاودێری خێزانەکەت دەکەم. بەلام ئەمە کۆتایی هات و نامەوێت نە تۆ و نە هیچ کەسێکت دووبارە ببینمەوە! خوات لەگەڵ!"

دکتۆر بێ وتنی هیچ وشەیەکی تر ڕووی وەرگێڕاو ڕۆشت. ڕۆجەر لەسەر ڕاڕەوەکە وەستا. زۆر قەلەق بوو. لە دڵی خۆیدا وتی، " شتێکی خراپ ڕوویداوە." ئێستا نەیدەویست بڕواتە ناو نەخۆشخانەکەوە. بەلام بەهێواشی هەنگاوی نا

بەسەر قادرمەکاندا و بەدەرگای سەرەکیدا تێپەڕی. پەرستارێك لە پشت مێزێکەوە دانیشتبوو. بەزەردەخەنەیەکەوە وتی، " بەیانیت باش."

"بەیانیت باش. من___ من ڕۆجەر بەتنم."

پەرستارەکە لە ترسا ڕەنگی گۆڕا. هەستایە سەرپێ و ویستی دووربکەوێتەوە. دواتر خۆی کۆنترۆڵ کردەوە و دانیشتەوە.

"دەمەوێ منداڵەکەم ببینم."

پەرستارەکە دەنگێکی لێبەرزبووەوە و بەخێرایی وتی، " ئۆو، بێ گومان! سەرەوە! بڕۆ سەرەوە."

پەرستارەکە ئاماژەی بۆ قادرمەکان کرد و ڕۆجەریش دوورکەوتەوە لە مێزەکە.

ڕۆشتە سەرەوە و پەرستارێکی تری بینی. کاسەیەکی گەورەی مسی پێبوو. ڕۆجەر بەتن بەتوڕەییەوە وتی، " من ڕۆجەر بەتنم. من دەمەوێ..."

زرم! پەرستارەکە کاسەکەی لەدەست بەربووەوە و بەسەر قادرمەکاندا کەوتە خوارەوە. بۆهەر پلەیەك زرمەیەکی بەرزی لێوە دەهات هەتا خوارەوە.

ڕۆجەر هاواری کرد." دەمەوێت منداڵەکەم ببینم."

پەرستارەکە بەدەنگێکی نزم وەڵامی دایەوە،"باشە کاك ڕۆجەر. باشە بەڵام ئەگەر دەزانیت ئەم بەیانیە هەموومانی خستە چ باروودۆخێکەوە! هەرباس ناکرێت! نەخۆشخانەکە هەرگیز ناو و شورەتی نامێنێت دوای___"

ڕۆجەر بەدەنگێکی گڕەوە وتی، " خێراکە! ناتوانم چی تر چاوەڕێکەم!"

"ئالێرەوە وەرە کاك ڕۆجەر."

ڕۆجەر دوای پەرستارەکە کەوت. لە کۆتایی هۆڵێکی درێژدا، گەشتنە ژوورێک کە جمەی دەهات لە دەنگەدەنگ، ژوورێک کە دواتر بە ژووری گریان ناوی دەرکردبوو. ڕۆشتنە ژوورەوە.

ڕۆجەر وتی، " ئێ، کامەیان هی منە؟"

پەرستارەکە وتی، " لەوێیە!"

چاوەکانی ڕۆجەر شوێن ئاماژەی پەنجەی پەرستارەکە کەوتن و ئائەمەی بینی کە پێچرابووەوە لە بەتانیەکی سپی گەورە و لایەکی لەناو یەکێک لە لانکەکاندا بوو، پیاوێك بوو کە نزیکی حەفتا ساڵ دەبوو. قژی بەتەواوی سپی بوو و ڕیشێکی خۆڵەمێشی بە چەناگەیدا شۆڕبووبووەوە کە نابەجێیانە بۆ پێشەوە و دواوە دەلەرایەوە بەهۆی ئەو شنەبایەی کە لە پەنجەرەکەوە دەهاتە ژوورەوە. بەچاوێکی کزی تەڵخەوە کە پرسیارێکی مەتەڵاوی تیا مات دابوو سەیری ڕۆجەری کرد.

ترسەکەی ڕۆجەر بووبە توڕەیی، " من تێکچووم؟ ئەمە گەمەوگاڵتەیەکی نەخۆشخانەیە؟"

پەرستارەکە بەتووندی وەڵامیدایەوە، " ئەمە وەك و گاڵتەیەك نەبوو بۆ ئێمە، ناشزانم تۆ تێکچویت یان نە بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەمە منداڵی تۆیە."

ئارەقێکی سارد ناوچاوانی ڕۆجەری تەڕکرد. چاوەکانی داخست و کردیەوە و دووبارە سەیری کردەوە. هیچ هەڵەیەك نەبوو، چاوی بڕییەوە پیاوێکی حەفتا ساڵە__ منداڵێکی حەفتا ساڵە. منداڵێك کە قاچەکانی هەڵواسیوە بەسەر لاکانی لانکەکەدا.

پیاوە پیرەکە بەهێمنیەوە بۆ خولەکێك لەئەمەوە بۆ ئەوی تر دەیڕوانی و دواتر لە پڕ بەدەنگێکی گڕی پیرانەوە پرسی، " تۆ باوکی منی؟"

ڕۆجەر و پەرستارەکە بەتوڕەییەوە دەستیان پێکرد.

بەناڕەزاییەوە لەسەری ڕۆشت، "چونکە ئەگەر تۆ باوکمی، ئەوە بەو هیوایەم کە بمبەیتە دەرەوە لێرە___ یان هەرهیچ نەبێت پێیان بڵێ بالێرە بمخەنە لانکەیەکی ئاسوودەترەوە."

ڕۆجەر تەقیەوە، " بۆخاتری خوا تۆ لەکوێوە هاتوویت؟ تۆ کێیت؟"

بۆڵەبۆڵکەرەکە وەڵامی دایەوە، " بەتەواوی نازانم پێت بڵێم من کێم چونکە چەند کاتژمێرێك دەبێت لەدایك بووم___ بەلآم بەدڵنیاییەوە ناوی بنەماڵەکەم بەتنە."

"تۆ درۆ دەکەیت! تۆ فێڵبڕێکی!"

پیاوە پیرەکە بەنیگەرانیەوە ئاوڕیدایەوە بۆلای پەرستارەکە و بەدەنگێکی لاوازەوە سکاڵای کرد." شێوازێکی جوانە بۆ بەخێرهاتنی منداڵێکی تازە لەدایك بوو. پێی بڵێ کە هەڵەیە، بۆ پێی ناڵێیت؟"

پەرستارەکە بەتوندیەوە وتی، " تۆ هەڵەیت کاك ڕۆجەر. ئەمە منداڵی تۆیە و دەبێت باشترین شتی بۆبکەیت. داوات لێدەکەین بەزووترین کات بیبەیتەوە بۆ ماڵەوە لەگەڵ خۆتدا."

بەدوودڵیەوە دوپاتی کردەوە، " ماڵەوە؟"

"بەڵێ. ناتوانین لێرە بیهێڵینەوە. بەڕاستی ناتوانین، خۆ دەزانیت؟"

پیاوە پیرەکە وتی، "تەواو خۆشحاڵم بەمە، شوێنێکی باشە بۆ پاراستنی منداڵ لە بێدەنگیدا. لەگەڵ ئەم هەموو هاتوهاوارەدا نەمتوانی سەرخەوێك بشکێنم. داوای شتێکم کرد بیخۆم کەچی دبەیەك شیریان پێدام!"

ڕۆجەر بەتن ڕۆچوبوە ناو کورسیەکەیەوە، لەنزیك کوڕەکەیدا بە دەستەکانی دەموچاوی شاردبووەوە.

"خوایە، خەڵکی چی دەڵێن؟ ئەبێت چی بکەم؟"

پەرستارەکە دوبارەی کردەوە، "هەرئێستا دەبێت ببیەنەوە بۆ ماڵەوە."

وێنەیەکی نامۆ بە ئاشکرا و تۆقێنەرکەوتە پێش چاوانی پیاوە خەمبارەکەوە. وێنەیەکی خۆی بوو کە بە ناو شەقامێکی قەرەباڵغی شاردا ڕێی دەکرد لەگەڵ قەد و قیافەیەکی خێوی تۆقێنەردا.

ڕۆجەر دەنگی لێبەرزبووەوە، "ناتوانم، ناتوانم!"

خەڵکی قسەیان لەگەڵ نەدەکرد، دەبوو ڕۆجەر چی بووتایە؟ دەبوو ئەم حەفتا ساڵەیە بناسێنێت، "ئەمە کوڕەکەمە، ئەم بەیانیە لەدایك بووە."

دواتر، پیاوە پیرەکە بەتانیەکە لەدەوری خۆی دەئاڵێنێت، خەڵکەکەش هێواش دەڕۆن و بەناو بەزم و ڕەزمی بازاڕەکەدا تێدەپەڕن. بۆ تاوێك ڕۆجەر بەتن ئاواتەخوازبوو کە کوڕەکەی ڕەش بووایە.

پەرستارەکە وتی، "وەرە خۆت کۆبکەرەوە."

پیرەمێرد لە پڕ وتی، "سەیری ئێرە بکە! ئەگەر تۆ پێت وایە بەم بەتانیەوە دەڕۆمەوە بۆ ماڵ، ئەوە تۆ بە تەواوی هەڵەیت."

"منداڵان هەمیشە بەتانییان پێوە ئاڵێنراوە."

پیرە پیاو بەقینەوە پارچەیەکی بچوکی سپی قەدوماتکردنی بەرزکردەوە. "سەیریکە! ئەمە ئەوەیە کە بۆ منیان ئامادەکردووە."

پەرستارەکە وتی، "منداڵان هەمیشە بەوە پۆشتە دەکرێن."

پیرە پیاو وتی، "باشە، ئەم منداڵە بۆ دوو خولەك هیچ نا پۆشێت. ئەم بەتانیە ئاڵۆشم پێدەکات، هەر هیچ نەبێت دەبوو سەرچەفێکتان پیابدامایە."

بەتن وتی، "بەردەوام بە، بەردەوام بە!" ئاوڕی دایەوە بولای پەرستارەکە. "من چی بکەم؟"

"بڕۆ بۆ ناو شار و هەندێك جل بۆ کوڕەکەت بکڕە."

دەنگی کوڕەکەی ڕۆجەر بەدوایدا هات لەناو هۆڵەکەدا. "گۆچانێکیش، باوکە. گۆچانێکم دەوێت." ڕۆجەر بەتوندی دەرگاکەی داخست.

ڕۆجەر بەتن بە بێزاریەوە بە شاگردەکەی کۆمپانیای شتومەکی وشکەی چێسە پیک وت، "بەیانیت باش، دەمەوێت هەندێك شت بۆ منداڵەکەم بکڕم."

"تەمەنی چەندە، بەڕێزم؟"

ڕۆجەر بەبێ ئاگاییەوە وتی، "نزیکەی شەش کاتژمێرە لەدایك بووە."

"بەشی منداڵان لە پاشکۆکەیە."

"ئۆو، پێم وانیە___ دڵنیانیم کە ئەوەبێ من دەمەوێ. ئەوە___ منداڵێکی قەبارە گەورەی نائاساییە. نائاسایی___ گەورە."

"قیاسی گەورەترین منداڵی تیایە."

بەبێ بیرکردنەوە ڕوی وەرگێڕا. "بەشی کوڕان لە کوێ دایە؟"

وای هەست دەکرد کە شاگردەکە هەستی بەو نهێنیە شەرمەزارکەرە کردوە.

"ئا لێرەوە."

"باشە."

بیرۆکەی جلی کوڕەکەی لە بەشی پیاواندا زۆر ناخۆش بوو بۆی. ئەگەر بڵێ تەنها دەتوانێت جلێکی گەورەی کوڕانە بدۆزێتەوە، ئەوا دەکرێت ئەو ریشە درێژە ناشرینە ببڕێت و قژە سپیەکەی بۆیەی قاوەیی بکات، بەمەش ناشرینیەکەی ڕوپۆش دەکات و شتێك لە ڕێز و شکۆی بۆ دەگەڕێتەوە، باسی پێگەکەی ناکرێت لە کۆمەڵگای بۆڵتیمۆر.

بەڵام گەڕانێکی شێتۆکە لە بەشی جلی کوڕاندا ئەوەی دەرخست کە هیچ شتێك بە بەری بەتنی تازە لە دایك بوو ناکات. سەرزەنشتی دوکانەکەی کرد. بە دڵنیاییەوە لەو بارودۆخانەدا تەنها شت بکرێت لۆمەکردنی دوکانەکەیە.

شاگردەکە بە پەرۆشیەوە وتی، "وتت کوڕەکەت تەمەنی چەنێک دەبێت؟"

"شانزە ساڵە."

"ئـاه، ببـورە. وام زانـی وتوتـە شـەش کاتـژمێرە. بەشـی جلـی لاوان لـە ڕاڕەوی دواتـر دایە."

ڕۆجـەر بەبێزاریـەوە ڕۆشـت. دواتـر، وەسـتا و دیـاری کـرد. ئامـاژەی بـە جلـی بەری بووکێك کرد کە لە ناو شوشەیەکدا نمایش کرابوو.

"ئەوی؟ ئەو جلە دەبەم، ئەوەی بەری بووکەکە."

شـاگردەکە چـاوی ئەبلـەق بوو. "چـۆن؟ ئـەوە جلـی منـاڵ نیـە. هـەر هـیچ نـەبێت ئەوەیـە، بـەلام ئـەوە بـۆ هەنـدێك لـە بۆنـە تاییەتیـەکان لەبـەر دەکرێـت، بـە بـەری خۆت دەکات؟"

ڕۆجەر بە توڕەییەوە وتی، "بۆم بپێچەرەوە، ئەوەیە کە دەمەوێ."

شاگردەکەش بۆی پێچایەوە.

ڕۆجـەر گەڕایـەوە بـۆ نەخۆشـخانە و ڕۆشـتە ژووری منداڵانـەوە، پاکەتەکـەی فڕێدا بۆ کوڕەکەی.

"ئەوە جلەکانتە."

پـیرە پیـاو پاکەتەکـەی کـردەوە و بـە چـاوێکی سـەیر و پڕتوا نجـەوە سـەیری شتی ناوەکەیی کرد.

"زۆر هەزەلی دیارن بۆ من، نامەوێت ببمە مەیمون."

"تـۆ منـت کـردوە بـە مـەیمون. لات گـرنگ نـەبێت چـەن هـەزەلی دەردەکـەویت. لەبـەریان بکـە، ئـەگینا، ئـەگینا ئەکێشـم بـە پشـت ملتـدا." ڕۆجـەر وشـەی پـێش کۆتـایی بەقورسـی قـوت دایـەوە. لەگـەڵ ئەوەشـدا پێـی وابـوو کـە شـتێکی گونجـاو بووە بیلێت.

"باشە باوکە. تۆ زیاتر ژیاویت، باشتر دەزانیت. هەروەك ئەوەی کە وتت."

وەك پێشتر دەنگی وشەی "باوکە" بوە هۆی تورەبوونی ڕۆجەر. "پەلە بکە."

"پەلە دەکەم باوکە."

کاتێك کوڕەکەی خۆی گۆڕی، ڕۆجەر بە خەمبارییەوە لێی ڕوانی. جلەکانی گۆڕەوی خاڵ خاڵ و پانتۆڵێکی پەمەیی و بلوزێك ملیوانیکی سپی گەورەی هەبوو، وە قایشێك بە ناو قەدیەوە بوو. ڕیشە سپیە درێژەکەی جولایەوە بەسەر ملیوانەکەیدا و شۆڕبووبووەوە تا نزیکی ناو قەدی. ئەنجامەکەی باش نەبوو.

"چاوەڕێکە!"

ڕۆجەر مەقەستێکی نەخۆشخانەکەی هەڵگرت و بە سێ خرتە خرتی خێرا بەشێکی زۆری ڕیشەکەی قرتاند، بەڵام تەنانەت ئەم گۆڕانکاریەش زۆر کەم و کورت بوو. قژە پەرش و بڵاوەکەی و چاوە تەڕەکانی و ددانە ڕزاوەکانی ناڕێك بوون لەگەڵ تۆنی ئەم جلانەی کە بۆ بۆنەکان لەبەردەکران.

ڕۆجەر هەرچەندە دڵی ڕەق بوو، بەڵام دەستەکانی گرت. "وەرە!"

کوڕەکەی بە متمانەوە دەستی گرت. "بەچی بانگم دەکەیت، باوکە؟ هەر بە "منداڵ" تا ماوەیەك؟ تا ئەو کاتەی بیر لە ناوێکی باشتر دەکەیتەوە؟"

ڕۆجەر بە تورەییەوە وەڵامیدایەوە، "نازانم، پێم وایە ناوت دەنێین مەسیسیلا."

سەرەڕای ئەوەی ئەندامە نوێیەکەی خێزانی بەتن قژی کورت کردەوە، بۆیەیەکی ڕەشی ناسروشتیشی کرد، ڕیشییان وا تاشی کە بریقەی دەدایەوە. جلێکی منداڵانەی کوڕانەی لەبەر کردبوو کە لە لایەن بەرگدوورێکی کارامەوە بۆی دورابوو. زۆر قورس بوو بۆ ڕۆجەر ئەو ڕاستیە ئیهمال بکات کە کوڕەکەی پاساوێکی لاوازە بۆ یەکەم منداڵی خێزانێك.

سەرەڕای چەمانەوەی بەهۆی پیریەکەیەوە، بنیامین بەتن، ئەو ناوە شیاوەبوو کە لێیان نا لەجێگەی مەسیسیلا.

بالآی ١٧٢ سانتیم درێژبوو. نە جلەکانی بەرزی باڵاکەییان شاردەوە و نە برۆ قرتاوە بۆیەکراوەکەی ئەو ڕاستییەی شاردەوە کە لە ژێریانەوە چاوێکی تەڕی ماندووی کز هەیە. لەڕاستیدا ئەو دایەنەی کە پێشوەخت بۆی دانرابوو، دوایی یەکەم بینین ماڵەکەی جێهێشت.

بەڵام ڕۆجەر بەردەوام بوو لە ئاما نجە بەهێزەکەی کە بنیامین منداڵێکە، دەبێت وەك منداڵێك بمێنێتەوە. سەرەتا وتبووی ئەگەر بنیامین شیری گەرم نەخوات ئەوا ئەبێ بە برسێتی بمێنێتەوە. بەلاّم دواتر ڕێگەی بە کوڕەکەیدا کە نان و کەرە بخوات، تەنانەت خواردنە دانەوێڵەکانیش. ڕۆژێکیان شەق شەقەیەکی هێنایەوە بۆ ماڵەوە و دای بە بنیامین. سوربوو لەسەر ئەوەی کە دەبێت بنیامین یاری پێبکات. هەر لەوێدا، ئەم پیاوە بەتەمەنە بە وەڕەزییەوە هەڵی گرت، دەبوو دەنگی زڕە زڕی ببیسترایە لە ڕۆژەکەدا.

هیچ گومانێك لەوەدا نەبوو کە هەرچەندە شەق شەقەکە بێزاری دەکرد، بەڵام شتی خۆشتری دەدۆزییەوە کاتێك کە بە تەنها لە ماڵەوە جێدەهێڵرا. بۆ نمونە، ڕۆژێکیان ڕۆجەر بۆی دەرکەوت کە هەفتەی پێشوو جگەرەی زیاتری کێشاوە لە جاران. دیاردەیەك کە چەند ڕۆژێك دواتر ئاشکرابوو. کاتێك لە پڕ ڕۆشتە ژووری منداڵانەکەوە بینی ژوورەکە پڕە لە دوکەڵ. بنیامین بە دەربڕینێکی تاوانبارانەوە لەسەر ڕوخساری هەوڵیدەدا سەرە جگەرەکانی هاڤانا بشارێتەوە.

بەدڵنیاییەوە، ئەوە ناودەنرا خۆ لادان لە لێدان، بەڵام ڕۆجەر درکی بەوەکرد نابێت خۆی بێنێتە ئاستێکی وەهاوە. تەنها کوڕەکەی ئاگادار کردەوە کە "گەشە کردنی خۆی دەوەستێنێت."

لەگەڵ ئەوەشدا، بەردەوام بوو لە هەڵسەکەوتەکەی خۆی. سەربازی ئاسنین و یاری شەمەندەفەر و گیانلەبەری گەورەی پەڕۆینەی بۆ دەهێنایەوە ماڵەوە.

بۆ تێروتەسەل کردنی ئەو خەیاڵەی کە بۆ خۆی دروست کردبوو. بە پەرۆشیەوە لە خاوەن دوکانی یاری منداڵانەکەی وت، "ئەگەر منداڵەکەم ئەم مراویە پەمەییە بخاتە دەمیەوە بۆیەکەی لێنابێتەوە."

بەلام سەرەڕای ئەو هەموو هەوڵ و ماندوبونەی باوکی، کەچی بنیامین هیچ دڵی پێیان خۆشنەبوو. بەدزییەوە ڕۆشتە خوارەوە بۆ پشتی قادرمەکە و گەڕایەوە بۆ ژووری منداڵانەکەی خۆی. ئەو دوای نیوەڕۆیە، کتێبێکی ئینکلۆپیدیا بریتانیکای بە ووردی خوێندەوە. لە کاتێکدا کە مانگا پەڕۆینەکەی و کەشتیەکەی نوحی فڕێدابوو لەسەر زەوییەکە. لە دژی ئەو کەلە ڕەقیە، ماندووبونەکانی ڕۆجەر کەمێك سودی هەبوو.

ئەو هەستەی کە لە سەرەتادا دروست بوو لە بۆڵتیمۆر زۆر گەورەبوو. دەبوو بنەماڵەی بەتن باجی چ تاوان و بەدبەختیەك بدەن، کەس و کارەکەشیان نەیان دەتوانی بگەن بە ئە نجامێك. بەرپا بوونی شەڕی ناوخۆ سەرنجی خەڵکی ڕادەکێشا بۆ شتی تر. هەندێك کەس جوان بیریان دەکردەوە و ستایشی دایك و باوکەکەیان دەکرد. وە لە کۆتاییدا، گەشتنە ئە نجامێك کە ئەم منداڵە لە با پیری دەکات. بە پێی ئەو ڕەوشەی کە لە هەموو پیاوێکی حەفتا ساڵەدا هەیە. ئەمە ڕاستیەك بوو نکۆڵی لێنەدەکرا.

ڕۆجەر بەتن و خێزانەکەی هیچ بەمە دڵخۆش نەبوون. وە ئیهانەیەکی ناشرین بوو بۆ با پیری بنیامین.

بنیامین کاتێك کە نەخۆشخانەی بەجێهێشت، دەستی بە ژیان کرد بەو شێوەیەی کە دەیبینی. چەند منداڵێکی بچوك دەهێنران بۆ بینینی. دوانیوەڕۆیەکی بێتامی بەسەر برد، هەوڵی دەدا چێژ لە هەڵماتەکان ببینێت،

تەنانەت پلانیشی دانابوو بە بەردی دارلاستیکەکەشی شووشەی پەنجەرەی چێشتخانەکە بشکێنێت، واش دەری بخات کە لە دەستی دەرچووە. کارێك کە بووە هۆی دڵخۆشکردنی باوکی بە نهێنی.

لە دوای ئەوەوە بنیامین پلانی دانابوو هەموو ڕۆژێك شتێك بشکێنێت، بەلاّم ئەم کارەی تەنها بۆ ئەوە دەکرد چونکە ئەوان چاوەڕێی ئەمەیان لێدەکرد، وە سروشتی تەمەنەکەی ناچاری دەکرد.

کاتێك کە باپیری دوژمنایەتی نەما لەگەڵ بنیامیندا. زۆر دڵخۆش دەبوون بە هاوڕێیەتی کردنی یەکتری. ئەم دوانە بۆ ماوەی چەندین کاتژمێر دادەنیشتن، دوور لە تەمەن و ئەزموون وەك دوو برادەری کۆنی گیانی بە گیانی گفتوگۆیان لەسەر ڕوداوەکانی ڕۆژەکە دەکرد بەبێ ماندووبوون.

بنیامین بە بوونی باپیری زیاتر ئاسودە بوو تا دایك و باوکی. هەمیشە وەك شتێك دیاربوون کە ترسێکیان لێی هەبێت. سەرەڕایی ئەو دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەی کە بەسەر ئەمدا ڕاهێنانیان پێدەکرد، بەڵام بەزۆری بە "کاك" ناویان دەبرد.

مەتەڵێك بوو وەك هەر کەسێکی تر لەتەمەنێکی پێشکەوتووی ئەقڵ و جەستەیی لە لەدایك بووندا. لە ڕۆژنامەیەکی پزیشکیدا ئەوەی خوێندبووەوە، بەڵام بۆی دەرکەوت هیچ کەسێکی لەو شێوە پێشتر تۆمارنەکراوە. بەهۆی هاندانەکانی باوکییەوە هەوڵێکی ڕاستگۆیانەیدا تا لەگەڵ کوڕەکانی تردا یاری بکات. بە زۆری یاریە هێواشەکانی دەکرد، یاری تۆپی پێ زۆر دەیلەراندەوە بۆیە دەترسا بەهۆی شکاوییەوە ئێسکە کۆنەکانی نەلکێنەوە بەیەکەوە.

کاتێك پێنج ساڵ بوو، ڕۆشت بۆ باخچەی ساوایان کە بە هونەری بردنی پەڕەی سەوز بۆ سەر پەڕە پرتەقاڵیەکان و تێکەڵ کردنی کاردە ڕەنگاو ڕەنگەکان و شت دروستکردن لە مقەبا دەستی پێکرد. لە ناوەڕاستی ئەم چالاکیانەدا خەوەنوتکە دەیبردەوە و لاردەبووەوە، خویەك بوو کە مامۆستا گەنجەکەیی تووڕە

دەکرد و دەی ترساند. بۆ ئیسراحەتی خۆی مامۆستاکەی بە دایك و باوکی وت و لابرا لەوێ. خێزانەکەی ڕۆجەر بەتن بە هاوڕێکانیان وت کە وا هەستدەکەن جارێ زۆر منداڵە.

بە تێپەڕبوونی کات، بوو بە دوانزە ساڵ، وە خێزانەکەی ڕاهاتبوون پێی. لە ڕاستیدا، ئەوەی کە زۆر گرنگ بوو ئەو نەریتەبوو کە چیتر وا هەستیان نەدەکرد کە بنیامین لە منداڵانی تر جیاوازە. جگە لە هەندێك پەرۆشی نائاسایی نەبێت کە ئەو ڕاستیەی بیردەهێنانەوە.

دوای چەند هەفتەیەك بەسەر ساڵیادی لە دایك بوونەکەیدا، ڕۆژێکیان بنیامین کە سەیری ئاوێنەکەی دەکرد، شتێکی سەیری درك پێ کرد. ئایا چاوەکانی دەیخەڵەتێنن یان لەم دوانزە ساڵەدا لە بنی قژە بۆیەکراوەکەوە قژی لە سپییەوە گۆڕاوە بۆ خۆڵەمێشی. ئەی چرچەکەی دەم و چاوی کەمتر بوونەتەوە؟ ئەی پێستی تەندروستتر و توندتر نەبووەتەوە؟ نەی دەتوانی بیلێت. دەشی زانی کە چیتر پشتی ناچەمێتەوە، وە باری جەستە ییشی باشتربووە لە چاو ڕۆژەکانی سەرەتای ژیانی.

بەخۆیی دەوت، "دەکرێ وابێ؟"

ڕۆشت بۆلای باوکی و وتی، "من گەورە بووم، دەمەوێ پانتۆڵی درێژ لە پێ بکەم."

باوکی دودڵ بوو لە کۆتاییدا وتی، "باشە، نازانم، چواردە ساڵی تەمەنی لە پێکردنی پانتۆڵی درێژە___وە تۆ تەنها چواردە ساڵی."

ئەمە ڕاست نەبوو، ئەمە تەنها بەشێك بوو لەو باوەڕەی کە ڕۆجەر بۆ خۆی دروستکردبوو کە کوڕەکەی منداڵێکی ئاساییە.

لە کۆتاییدا، ڕێککەوتنێك کرا، بنیامین دەبوو بەردەوام بێت لە ڕەنگکردنی قژی و باشترین هەوڵی خۆی بدات تا لەگەڵ کوڕەکانی تەمەنی خۆیدا یاری بکات و نابێت چاویلکەکەی لە چاو بکات و گۆچان بە دەستیەوە بگرێت لە

سەر شەقام. لە بەرامبەر ئەمانەدا ڕێگەی پێ دەدرێت کە پانتۆڵی درێژ لە پێ بکات.

لەسەرەتای ژیانی بنیامین بەتن لە نێوان دوانزە بۆ بیست و یەك ساڵیدا، دەمەوێت کەمێك بڵێم. شایەنی باسە کە ئەو سانە ساڵانی گەشە نەکردنی ئاسایی بوون. کاتێك بنیامین هەژدە ساڵ بوو وەك پیاوێکی پە نجا ساڵە دەوەستا، قژی زیاتری پێوە بوو، وە ڕەنگەکەی خۆڵەمێشیەکی تۆخ بوو. هەنگاوەکانی توند و تۆڵ بوون. دەنگە لەرزیوەکەی گۆڕابوو بۆ دەنگێکی خۆشی تەندروست. بۆیە باوکی ناردی بۆ کۆنێکتیکەت تا تاقیکردنەوە ئەنجامدا بۆ وەرگیران لە کۆلێجی یەل. بنیامین لە تاقیکردنەوەکەدا دەرچوو، بوو بە خوێندکاری قۆناغی یەکەم.

لە سێیەم ڕۆژی وەرگیرانیدا لە زانکۆ، ئاگادارکردنەوەیەکی پێگەشت لە کاك هارت، فەرمانبەری بەشی تۆماری کۆلێج، تا سەردانی بەشەکەی بکات و خشتەکەی بۆ ڕێك یخات. بنیامین سەیری ئاوێنەکەی دەکرد. هەستی کرد کە قژی پێویستی بە بۆیەکردنێکی نوێ هەیە، بەڵام کە سەیری چەکمە نجەکەی کرد بۆی دەرکەوت کە قتوی بۆیەکە لەوێدا نیە. دواتر بیری کەوتەوە کە ڕۆژێ پێش ئەوە خاڵی کردوە و فڕێی داوە.

لە کێشەیەکدا بوو، دەبوو پێنج خولەکی تر لە لای کاك هارت بوایە. وادیاربوو هیچ نەدەکرا. دەبوو بەو شێوەیەی کە هەیە بڕوات، هەر واشی کرد.

فەرمانبەرەکە بەڕێزەوە وتی، "بەیانیت باش، هاتویت دەربارەی کوڕەکەت بپرسیت؟"

"چۆن! لەڕاستیدا، من ناوم بەتنە." بنیامین دەستی پێکرد بەلام فەرمانبەرەکە پێی بڕی.

"زۆر خۆشحاڵم بەبینینت کاك بەتن، وای بۆدەچم کوڕەکەت بەم نزیکانە لێرە دەبێت."

بنیامین ئارامی نەما، "ئەوە منم؟ من قۆناغی یەکەمم."

"چی؟"

"من لە قۆناغی یەکەمم."

"بە دڵنیاییەوە گاڵتە دەکەیت."

"هەرگیز؟"

فەرمانبەرەکە دەم و چاوی دابەیەکدا و سەیرێکی کاردەکەی بەردەمی کرد. "چۆن؟ تەمەنی کاک بنیامین بەتنم لایە لێرەدا وەک هەژدە ساڵێك."

"ئەوە تەمەنەکەی منە."

فەرمانبەرەکە بەبێزارییەوە سەیری کرد. "بەدڵنیاییەوە، ئێستا کاك بەتن چاوەڕێی ئەوەم لێناکەیت کە باوەڕت پێبکەم."

بنیامین بە وەڕەزییەوە زەردەخەنەیەکی کرد و دووبارەی کردەوە. "من هەژدە ساڵم."

فەرمانبەرەکە بەتووندی ئاماژەی بۆ دەرگاکە کرد. "بڕۆ دەرەوە، بڕۆ دەرەوە لە کۆلێج و لە شارۆچکەکەش. تۆ شێتێکی ترسناکی."

"من هەژدە ساڵم."

هارت دەرگاکەی کردەوە. "جوانە؟ پیاوێکی هاوتەمەنی تۆ ئەیەوێت وەك خوێندکاری قۆناغی یەکەم بێتە ئێرە. هەژدە ساڵ، بەڕاستتە؟ باشە من هەژدە خولەکت پێ دەدەم تا لە شارۆچکەکە بچیتە دەرەوە."

بنیامین بەتن بەشکۆمەندیەوە ژوورەکەی بەجێهێشت. چەند خوێندکارێکی زانکۆ کە لە هۆڵەکەدا چاوەڕێیان دەکرد. نیگایان کەوتە سەر بنیامین کاتێك کەمێك دوورکەوتەوە ئاوڕی دایەوە و ڕووی کردە فەرمانبەرە تووڕەکە و بە دەنگێکی پڕ متمانەوە وتی، "من هەژدە ساڵم."

دەنگی پێکەنین لە خوێندکارانی زانکۆوە بەرزبووەوە، بنیامین ڕۆشت.

بەلام لە چارەنوسی نەنوسرابوو کە بەو ئاسانیە هەڵبێت.لەکاتی ڕۆشتنی بەبێتاقەتیەوە بەرەو وێستگەی شەمەندەفەرەکە، هەستی کرد کە کۆمەڵێك شوێنی کەوتون، دواتر کۆمەڵێکی زۆر خوێندکاری زانکۆ. ئەم قسەیە بڵاوبووەوە کە شێتێك ڕۆشتۆتە ناو تاقیکردنەوەکانەوە لە کۆلێجی یەڵ. ویستویەتی خۆی وەك گە نجێکی هەژدە ساڵ پیشان بدات. کۆلێج وروژا. خوێندکار هاتە دەرەوە لە محازەرەکان. تیمی تۆپی پێکە دەستیان لە ڕاهێنان هەڵگرت و هاتنە ناو قەرەباڵغیەکەوە. ژنی پرۆفیسۆرەکان بە کڵاوێکی لارەوە دەهاتن و دەچوون، بە هاوارکردن کەوتنە دوای کاروانەکەوە. لێدوان و شیعاری یەك لە دوای یەك لە پێشەوە دەهات، کە مەبەستیان ساویلکەیی بنیامین بەتن بوو.

"دەبێت جولەکەیەکی ڕێبواربێت!"

"دەبێت بڕوات بۆ خوێندنگەی ئامادەیی تەمەنی خۆی!"

"سەیری ئەم کۆرپە سەیرە بکە!"

"پێی وابووە ئەمە خەڵوەتگەی پیرانە!"

"بڕۆ بۆ هارڤارد!"

بنیامین هەنگاوەکانی زیادکرد و خێرا ڕای کرد، پیشانیان دەدات! دەڕوات بۆ هارڤارد. وە دواتر پەشیمان دەبنەوە لەم گاڵتە بێ مانایانەیان!

بە سەلامەتی گەشتە ناو شەمەندەفەری بۆڵتیمۆر. سەری لە جامەکەوە دەرهێنا و هاواری کرد، "لەمە پەشیمان دەبنەوە!"

خوێندکارەکان دەستیان کرد بە پێکەنین. "هاهاها! ئەوە گەورەترین هەڵەبوو کە کۆلێجی یەڵ تا ئێستە کردبێتی."

لە ساڵی ١٨٨٠ بنیامین بەتن بوو بە بیست ساڵ. بە ڕۆژی لەدایک بوونەکەی زانی کاتێک ڕۆشت بۆ کار بۆلای باوکی لە کۆمپانیای ڕۆجەر بەتن، بۆ فرۆشتنی بە کۆمەڵی شتومەک. ئەو ڕۆژە لە هەمان ئەو ساڵەدا بوو کە وردە وردە دەرۆشتە دەرەوە بۆ ناو کۆمەڵگا. باوکی سوربوو لەسەر ئەوەی کە بیبیات بۆ بینینی چەند دانسێکی مۆدێل. ڕۆجەر بەتن ئێستە پەنجا ساڵە، خۆی و کوڕەکەی زۆر زۆر لە یەکەوە نزیکن. لەڕاستیدا، لەو کاتەوەی کە بنیامین وازی لە بۆیەکردنی قژی هێناوە (کە هێشتا ڕەساسی باوە)، وەك هاوتەمەن دەردەکەوتن، وە دەکرێت وەك برا دانرابن.

شەوێکی مانگی گەلاوێژ سەر گالیسکەیەك کەوتن بە قات و ڕیپاتەوە، بانگکرابوون بۆ ئاهەنگی سەماکردنێك لە خانوی شێڤلێن، کە لە دەرەوەی بۆڵتیمۆر بوو. شەوێکی زۆر خۆشبوو. مانگی چواردە ڕێگەکەی لە ڕەنگێکی ماتی پلاتینی نوقم کردبوو. گوڵە تازە پشکۆکانی هارڤێست هەناسەیان دەدا لە ناو هەوایەکی بۆنخۆشی مت بوو کە وەك سوکە پێکەنینێك بەرگوێ دەکەوتن. دەشتە پان و بەرینەکە ڕۆشن بوو وەك ئەوەی ڕۆژبێت. مەحاڵ بوو کە جوانی ئاسمان دەستێکی لەم جوانیەدا نەبووبێت.

ڕۆجەر بەتن دەستی کرد بە قسەکردن، "داهاتویەکی باش هەیە لە بازرگانی شتومەکی وشکەدا."

ڕۆجەر کەسێکی بە هەست و سۆز نەبوو، لە جوانیەکان وورد نەدەبووەوە.

"کەسانی بەتەمەنی وەك من فێری تاکاتیك نابێت، ئەوە ئێوەن، گەنجینە کە پڕن لە وزە و چالاکی. بەر لە من ئێوە داهاتویەکی باشتان هەیە."

دوور لە ڕێگاکەوە، گڵۆپەکانی خانووی لادێکەی شێڤلینەکان بەرچاو دەکەوت. لەو کاتەدا، دەنگی هەناسەیەك دەهات کە بەردەوام دەجولا بەرەو ڕوویان. لەوانەیە سکاڵای نەرمی کەمانچەکان بووبێت یان خشەی گەڵای گەنمە زەردبووەکان بوبێ لەژێر مانگدا. لە پێش گالیسکەیەکی جوانەوە وەستا بوون کە

سەرنشینەکانی لەبەر دەرگاکەدا دادەبەزین. خانمێک دابەزی، دواتر پیاوێکی بەتەمەن. لە دوای ئەوانیشەوە، خاتوونێکی لاو کە ئەوەندە جوان بوو ئەڵێی مانگ بوو. بنیامین دەستی پێکردن.

وا دەردەکەوت گۆڕانێکی کیمیایی هەموو بەشەکانی جەستەی هەڵوەشاندبێتەوە و دوبارە دروستی کردبێتەوە، موچڕکەیەکی پێدا هات، خوێن بەرز بووەوە بۆ گۆناکانی و ناوچاوانی، گوێیەکانی دەزرنگانەوە، ئەوە یەکەم عاشق بوونی بوو.

کچە باڵایەکی ڕەشیقی هەبوو لەگەڵ قژێکدا کە لە ژێر مانگدا خۆڵەمێشی بوو، وە لەژێر ڕووناکیەکاندا ڕەنگێکی هەنگوینی هەبوو. شانەکانی دا پۆشرابوون بە شاڵێکی ڕەنگ زەردی کاڵ کە بە هێڵێکی ڕەش بووبوو بە دوو لەتەوە. قاچەکانی قۆپچەی درەوشاوە بوون لە پالێمی عەزیە درەوشاوەکەیەوە.

ڕۆجەر بەتن خۆی لارکردەوە بۆ لای کوڕەکەی و وتی، "ئەوە هێڵدیگارد مەنکریفی لاوە، کچەکەی ژەنەڕاڵ مەنکریف."

بنیامین بە ساردیەوە سەری لەقاند، "شتێکی بچوکی جوانە."

کاتێک کە پیاوە زنجیەکە گالیسکەکەی لابرد، ئەمەی بۆ قسەکانی زیادکرد. "باوکە دەکرێت پێم بناسێنیت."

نزیکی کۆمەڵێک بونەوە کە خاتوو هێڵدیگارد لە ناوەڕاستییاندا بوو. وەک ڕەوشتێک لە نەریتی کۆندا، لە بەردەم بنیامیندا خۆی چەماندەوە. بەڵێ، لەوانەیە بنیامین بیەوێت دانسێک بکات. سوپاسی کچەکەی کرد و دوورکەوتەوە. کە ڕێی دەکرد بەم لاو لادا دەکەوت. ئەو ماوەیە هەرنەدەڕۆشت تا سەرەی ئەو بێت. لە نزیکی دیوارەکەوە وەستابوو، بێدەنگ، ئاڵۆز، بە چاوێکی بکوژانەوە سەیری گەنجەکانی بۆڵتیمۆری دەکرد کاتێک کە دەوری هێڵدیگاردیان دابوو، بەدڵ بوون لە ڕوخساریاندا دەخوێنرایەوە. چەن بەدڕەوشت بوون لای بنیامین.

دڵی تێك دەچوو بە بینینی ڕیش و سمێڵە قاوەییە لولەکەیان، بەڵام کاتێك سەرەی خۆی هات، ڕۆشتە دنیایەکی ترەوە لەگەڵیدا بە میوزیکی تازەترین سەمای وۆڵز لە پاریس. دڵپیسی و قەلەقییەکەی توانەوە وەك بەفر. بە سیحری کوێربووبوو. وای هەست دەکرد ژیان ئێستە دەست پێدەکات.

هێلدیگارد پرسی، "تۆ و براکەت هاتون بۆ ئێرە هەروەك ئێمە، وایە؟"

سەری بەرزکردبووەوە و بە چاوانێك سەیری دەکرد کە وەك مینای شینی درەوشاوە وابوون.

بنیامین شلەژا، ئەگەر بنیامین و باوکی بە برا دابنێت، ئایا ئەمە باشترینە بۆ قەناعەتکردنی ئەو؟ بنیامین ئەزموونەکەی خۆیی بیرکەوتەوە لە یەلْ، بۆیە بڕیاریدا وانەکات. جوان نیە مشتومڕ لەگەڵ ئافرەتێکدا بکەیت. تاوانە ئەم بۆنە نایابە تێك بدەیت بە چیرۆکێکی نامۆی بنەچەکەی، ڕەنگە لە دواتردا.

بۆیە سەری لەقاند و زەردەخەنەی بۆ دەکرد، گوێی دەگرت و دڵخۆش بوو.

هێلدیگارد پێی وت، "حەزم لە پیاوانی تەمەنی تۆیە. کوڕە گەنجەکان زۆر گێژن. باسی شەمپانیا خواردنەوە و پارە خەرجکردن و یاری کاردم بۆ دەکەن. پیاوانی تەمەنی تۆ دەزانن چۆن ئافرەت بنرخێنن."

بنیامین وای هەست دەکردن لە لێواری داواکردندایە.

هێلدیگارد بەردەوام بوو، "تۆ تەمەنی ڕۆمانسیەتی، پەنجا ساڵ. بیست و پێنج ساڵی تەمەنی ئەزموونە، سی ساڵی شیاوی کارکردنی زۆرە. چل ساڵی تەمەنی چیرۆکە دوور و درێژەکانە کە پاکەتێك جگەرەی دەوێ تا دەیگێڕێتەوە. شەست ساڵی__ئۆو، زۆر لە حەفتا ساڵیەوە نزیکە. بەڵام پەنجا ساڵی تەمەنی جوانیە. پەنجا ساڵیم خۆشدەوێت."

پەنجا ساڵی تەمەنێکی ئاوازە دیاربوو بۆ بنیامین، ئاواتە خوازبوو پەنجا ساڵ بووایە.

"هەمیشە وتومە هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوێکی پەنجا ساڵەدا دەکەم و ئاگاداری ئەو دەبم نەك لەگەڵ سی ساڵێك."

بۆ بنیامین تەواوی شەوەکە بە تەمێکی ڕەنگ هەنگوینی ڕووپۆش کرابوو. هێڵدیگارد زیاد لە دوو جار دانسی لەگەڵدا کرد. وە بۆیان دەرکەوت هاوڕان لەسەر هەموو شتێك. هێڵدیگارد دەبوو لە یەکشەمەی داهاتوودا لەگەڵیدا بڕواتە دەرەوە و دواتر گفتوگۆ لەسەر هەموو بابەتەکانی تر دەکەن.

ڕۆشتنەوە بۆ ماڵەوە بەرلەوەی خۆری بەیانی پرشنگ بدات. لە سەرەتادا هەنگەکان دەستیان کرد بە گیزەگیز و مانگی کاڵەوەبوو دەبریسکایەوە لە شەونمی فێنکیدا. بنیامین دەیزانی کە باوکی باسی بە کۆمەڵ فرۆشتنی شمەکی لەگەڵدا دەکات.

بەتنی گەورە دەیوت، "پێت وایە چ شتێك سەرنجە گەورەکەمان بە بەها دەکات لەدوای چەکوش و بزمار؟"

بنیامین بێ ئاگایانە وتی، "کەوتنە داوی خۆشەویستیەوە."

ڕۆجەر سەری سەڕما، "کارتۆن؟ بۆچی، کێشەی کارتۆنەکانم چارەسەر کردوە."

بنیامین بە چاوێکی وڕبووەوە سەیرێکی کرد هەر لەو کاتەی ئاسمانی ڕۆژئاوا لە پڕ لەگەڵ ڕوناکییدا درزی برد و چۆلەیەك لە ناو دارە جوڵاوەکاندا دەستی کرد بە جریکە جریك.

شەش مانگ دواتر، مارەبڕینی خاتوو هێڵدیگارد و بنیامین بڵاوکرایەوە.(کە دەڵێم "بڵاو کرایەوە" بە ژەنەڕاڵ مەنکریف بووایە حەزی دەکرد باڵێکی بشکایە بەلام بڵاو نەبووایەتەوە.) خرۆشان لە کۆمەڵگەی بۆڵتی مۆر

گەشتە لوتکە. چیرۆکە لەبیرکراوەکەی لەدایك بوونی بنیامین بەبیرهاتەوە و پڕوپاگەندە بڵاو بووەوە، بە شێوەی سەیر و لەکەدارکردن.

وترابوو کە بنیامین باوکی ڕۆجەر بەتنە، وە یان ئەو برایەی بووە کە بۆ ماوەی چل ساڵ لە سجندا بووە. ئەوە جۆن ویلکس بووزە ناسنامەی خۆی گۆڕیوە. لە کۆتاییشدا وتبوویان دوو شاخی قوچەکی لەسەریدا ڕوواوە.

سەردێڕی ڕۆژنامەکانی نیویۆرك لە یەکشەمەدا، کەیسەکەی بنیامینیان بڵاوکردبووەوە لەگەڵ وێنەی سەرنج ڕاکێشدا، سەری بنیامینیان لکاندبوو بە ماسیەکەوە یان بە مارێکەوە یان بە لەشێکی مسینەوە. لە دیدی ڕۆژنامەکانەوە بە پیاوی مەتەڵاوی مێریلاند ناسێنرا، بەڵام چیرۆکە ڕاستەکە دەورێکی زۆر بچوکی هەبوو.

هەموو کەسێك هاوڕابوو لەگەڵ ژەنەراڵ مەنکریف لەسەر ئەوەی کە تاوانە کچێکی جوان خۆی فڕێبداتە باوەشی پیاوێکی پەنجا ساڵەوە لەکاتێکدا دەیتوانی هاوسەرگیری لەگەڵ هەر کوڕێکی بۆڵتیمۆردا بکات.

هەرچەندە ڕۆجەر بەتن بەرواری لەدایك بوونی کوڕەکەی بڵاوکردەوە بە نوسینێکی گەورە لە بۆڵتیمۆر بڵەیز، بەڵام کەس بڕوای نەکرد. تەنها سەیرکردنی بنیامین بەس بوو.

هیچ شڵەژان و دودڵیەك لە لای ئەو دوو کەسە نەبوو کە زۆرترین چاویان لەسەربوو. زۆربەی ئەو چیرۆکانەی کە دەربارەی هێڵدیگارد بوو دووربوون لە ڕاستیەوە، کە گوایە تەنانەت بڕوا بە چیرۆکە ڕاستەکەش ناکات. لەلایەکیشەوە، ژەنەراڵ مەنکریف ماقوڵیەت و ڕەوشت بەرزی پیاوانی پەنجا ساڵ و ئەو پیاوانەی کە لە دەوروبەری پەنجادان باسکرد بۆ کچەکەی. وە هەروەها باسی ناجێگیری بازرگانی بە کۆمەڵ فرۆشتنی شمەکیشی بۆ کردبوو. بەڵام هێڵدیگارد هاوسەرگیری هەڵبژارد و هاوسەرگیری کرد.

لەلایەکی کەوە هاوڕێکانی بەهەڵەدا چوون. بازرگانی بەکۆمەڵ فرۆشتنی شمەك بەشێوەیەکی ناوازە بەرەوپێش چوو. لەو پانزە ساڵەی نێوان هاوسەرگیری بنیامین لە ١٨٨٠ و خانەنشینی باوکی لە ١٨٩٥ داهاتی خێزانەکە دوو هێندە بوو. وە ئەمەش بەزۆری بەهۆی ئەندامە گە نجەکەی کۆمپانیاوە بوو.

پێویست بە وتن ناکات، بۆڵتیمۆر وردە وردە بە کە پلەکە ڕاهاتن. تەنانەت ژەنەراڵ مەنکریفی بەتەمەنیش ئاشتی بووەوە لەگەڵ زاواکەیدا کاتێك کە بنیامین پارەکەی پێدا تا مێژووی شەڕی ناوخۆکەی بلاوبکرێتەوە لە ژمارە چاپی بیستەمدا، کە پێشتر لەلایەن نۆ بلاوکراوەوە ڕەت کرایەوە.

لە خودی بنیامیندا، پانزە ساڵ گۆڕانکاری زۆری نوسی بوو. وا دەردەکەوت کە خوێن بە هێزی نوێوە هەڵدەقوڵێت بە ناو دەمارەکانیدا. کەیف خۆش بوو بە هەستان لە بەیانیاندا و ڕێکردن بە هەنگاونانی پڕ وزە بەناو شەقامە قەرەباڵغە خۆرەتاوەکەدا، بە کارکردنی بێ ماندوو بوون بە بارکردنی چەکوش و باری بزمارەکەی. لە ساڵی ١٩٩٠ دا بوو کە برگەی بازرگانیە بەناوبانگەکەی ئە نجامدان. ئەم پێشنیارەی کرد، ئەو سندوقانەی کە بزمارەکانی تێدا دادەنرێت مولکی خاوەن کەشتیەکەیە. داواکاریەك کە بوو بە یاسا. لەلایەن شێف جەستبك فاسلەوە پەسەندکرا. وە هەموو ساڵێك کۆمپانیاکەی شەسەد بزماری پاشەکەوت دەکرد.

بنیامین بۆی دەرکەوت کە زیاتر و زیاتر پەیوەست دەبێت بە ڕووە خۆشەکانی ژیانەوە. زۆر بەکەیف و زەوق بوو. ئەو تاکە پیاوبوو لە بۆڵتیمۆر کە خاوەنی ئۆتۆمبیل بوو و لێی دەخوڕی. هاوەلانی بە حەسودیەوە چاویاندەبڕیەوە ئەو وێنەیەی کە بە تەندروستی و چالاکی نەخشاندبووی.

دەیان وت، "وا دیارە تا بێت گە نجتر دەبێتەوە."

ئەگەر ڕۆجەر بەتنی بەتەمەن لەسەرەتادا بەخێرهاتنێکی گونجاوی کوڕەکەی نەکردبێت، ئەوە لە کۆتاییدا بە پێدانی ئەوەی کە پێی دەڵێن پیاهەڵدان ئاشتی دەکردەوە.

با بێینە سەر بابەتێکی ناخۆش کە تا زوو بەسەریا بڕۆین باشترە. یەك شت هەبوو کە بنیامین بەتنی بێزارکردبوو ئەویش ئەوە بوو کە چیتر ژنەکەیی بەدڵ نەبوو.

لەوکاتەدا هێڵدیگارد ژنێکی سی و پێنجساڵ بوو، کوڕێکی چواردە ساڵی هەبوو، ڕۆسکۆ. لە سەرەتای هاوسەرگیریەکەیاندا، بنیامین بۆی دەمرد، بەڵام بە تێپەڕبوونی ساڵ قژە هەنگوینیەکەی گۆڕا بۆ قاوەییەکی دڵقەبز. بریقە شینەکەی چاوی نەما. لە سەرووی هەموویەوە زۆر جێگیر بوو بوو لە ژیان کردندا، زۆر هێمن و زۆر بە قەناعەت، زۆر سارد و سڕ لە چێژوەرگرتندا و ژیر و دامەزراو لە هەستەکانیدا.

وەك بووکێك، بنیامینی ڕادەکێشا بۆ دانس کردن و خوانی ئێواران. ئێستە بارودۆخەکە پێچەوانە بوەتەوە. عادەتیانە لەگەڵ بنیامیندا دەچووە دەرەوە بەڵام بەبێ هیچ تامەزرۆییەك. بوو بە نێچیری سستی و ناچالاکیەك کە ڕۆژێك دێت لەگەڵ هەریەکە لە ئێمەدا دەژی، وە لامان دەمێنێتەوە تا کۆتایی.

بێزارییەکەی بنیامین زیاتر دەبوو. لە بەرپابوونی جەنگی نێوان ئەمریکا و ئیسپانیادا لە ١٨٩٨، ماڵەکەی کەمێك خۆشی تیامابوو بۆ ئەو، بۆیە بڕیدا بەشداری لە جەنگدا بکات. بەهۆی کاریگەری بازرگانیەکەیەوە، پلەی کاپتنی بەدەست هێنا، وە سەلماندی زۆر گونجاوە لەگەڵ کارەکەدا. لە کۆتاییدا، کرا بە ڕائید. لەکاتی بەشداری کردن لە شەڕی سان وان کەمێك بریندار بوو، وە مەدالیایەکی وەرگرت. بنیامین زۆر خوی بە چالاکیەکان و خۆشیەکانی ژیانی سەربازیەوە گرتبوو کە نەیدەویست وازی لێبێنێت، بەڵام بازرگانیەکەی

پێویستی بە چاودێری بوو. بۆیە وازی لە کارەکەی هێنا و گەڕایەوە ماڵەوە. لەلایەن تیپێکی مۆسیقای مسینەوە بینراو ڕابەری کرا بۆ ماڵەکەی.

هێڵدیگارد بە ئاڵایەکی ئاوریشمی گەورە بەخێرهاتنەوەی کرد لە بەردەم ماڵەکەیدا.

کاتێک کە بنیامین ماچی کرد خەریک بوو لە بێزاریدا پەڕی دەردەکرد وەك ئەوەی باجی خۆشیەکانی ئەو سێ ساڵەیان لێوەرگرتبێیەوە. هێڵدیگارد ئێستا ژنێکی چل ساڵەیە کە هێڵی ڕەساسی لە قژیدایە، ئەم دیمەنە بنیامینی بێزاردەکرد.

لە سەرەوە، لە ژوورەکەیدا ڕەنگدانەوەی خۆی بینی لە ئاوێنەکەدا، نزیک بووەوە و بە قەلەقیەوە ڕوخساری خۆی تاقی کردەوە. دوای خولەکێك بەراوردی ڕوخساری کرد بە وێنەیەکی خۆی کە پێش جەنگ گرتبووی.

بەدەنگێکی بەرزەوە وتی، "خوایە!" پرۆسەکە بەردەوام بوو، هیچ گومانێک لەوەدا نەبوو کە ئێستە وەك پیاوێکی سی ساڵە دەردەکەوێت. لەباتی ئەوەی دڵخۆشبێت ناڕەحەت بوو. گەنجتر بووەتەوە، تا ئێستا ئاواتە خوازبوو شێوە و جەستەی لەگەڵ تەمەنیدا گونجاو و یەکسان بن. وە ئەو دیاردە نامۆیەی لەدایك بوونەکەی خستە سەر زار کۆتایی پێ بێت. موچڕکەیەکی پێدا هات. ئەم چارەنوسە باوەڕپێنەکراوەی ناخۆش بوو.

کاتێک کە هاتە خوارەوە هێڵدیگارد چاوەڕوانی بوو. بێزار دیاربوو. بنیامین حەزی دەکرد بزانێت کە ئاخۆ هێڵدیگارد لە کۆتاییدا بۆی دەرکەتووە کە ناتەواوی لە شتێکدا هەیە. بە هەوڵدانێك ئەو گرژییەی نێوانیان کپ بووەوە کە بنیامین لەکاتی نان خواردنی ئێوارەدا بابەتەکەی کردەوە بەو شێوەیەی کە پێی وابوو لەسەرخۆ و نەرم ونیانە.

"ئێ، هەموو کەسێك دەڵێت من گەنجتر دەردەکەوم لە پێشتر."

هێڵدیگارد گاڵتەئامێزانە سەیری کرد و هەناسەیەکی هەڵمژی.

"پێتوایە هیچ خۆفشکردنەوەیەکی بوێت؟ "

بنیامین بە سەغڵەتیەوە وتی، "خۆم فشناکەمەوە."

هێڵدیگارد دووبارە هەناسەیەکی هەڵمژیەوە، "ئەزانی چی، ئەبێت وا بیربکەمەوە کە تۆ ئەوەندە ڕێز و حورمەتت هەیە بۆ کۆتایی هێنان بەمە."

"چۆن بتوانم؟"

"مشت و مڕت لەگەڵدا ناکەم، بەلاّم ڕێگەی ڕاست و ڕێگەی هەڵە هەیە بۆ کردنی شتەکان. گەر تۆ بڕیارت دابێت لەوەی کە جیاوازبیت لە هەموو کەسێکی تر، ئەوە پێم وانیە بتوانم بتوەستێنم، بەڵام بەڕاستی پێم وانیە جێگەی بایەخ بێت."

"ئاخر هێڵدیگارد بەدەست خۆم نیە."

"بەدەست خۆتە، تۆ هەرکەللەڕەقیت. تۆ پێت وایە ناتەوێت وەك هەرکەسێکی تربیت. تۆ هەمیشە ئا بەو شێوەیە بویت و هەرواش دەبیت. بەس بیربکەرەوە چی ڕوویدەدا گەر هەموو کەس وەك تۆ لە شتەکانی بڕوانیایە__جیهات وەك چی دەبوو؟"

کاتێك کە گفتوگۆکە بێ وەڵام و پڕو پووچ بوو بنیامین هیچ وەڵامێکی نەدایەوە، وە لەو کاتەوە کەلێنەکە قوڵتر بووەوە لە نێوانیاندا. بنیامین حەزی دەکرد بزانێت کە هێڵدیگارد چ جوانیەکی هەبووە کە ئەمی پێ فریوداوە.

بۆ قوڵکردنەوەی ئەم کەلێنە نێوانیان هەرکە سەدەی تازە هاتە پێشەوە دەرکەوت کە زیاتر تینوی خۆشی و ڕابواردن دەبێت.

هیچ ئاهەنگێك نەبوو لە بۆڵتیمۆر کە ئەوی تێدا نەبێت. دانسی لەگەڵ جوانترینی ژنە شوکردووەکاندا دەکرد. دەمەتەقەی لەگەڵ بەناوبانگترینی خانمە تازە دەرکەوتوەکاندا دەکرد. هاوڕێیەتیانی زۆر بەلاوە خۆش بوو، لە کاتێکدا

ژنەکەی بێوەژنێکی شووم بوو، لە ناو هاوڕێکانییدا دادەنیشت. لە ئێستادا بە لوت بەرزییەکی ڤیناوییەوە، بە چاوێکی نەفرەتی و گومانـاوی و ترسەوە دوای بنیامین دەکەوێت.

خەڵکی دەیان وت، "سەیرکە! چەن عەیبە! کوڕێکی گەنج ئا لەم تەمەنەدا بەستراوەتەوە بە ژنێکی چل و پێنج ساڵەوە، دەبێت بیست ساڵ لە ژنەکەی منداڵتربێت."

وەك چۆن خەڵك بیری چووەوە ئەمانیش بیریان چووەوە کە لە ڕابردوودا لە ساڵی ١٨٨٠ دایك و باوکیان ئاماژەیان بۆ هەمان ئەم دوانە بۆیەك نەگونجاوە کردبوو.

بێتاقەت بوونی بنیامین لە ماڵەوە بە کۆمەڵێك حەز و خولیای نوێ قەرەبوو کرایەوە. دەستی کرد بە یاری گۆڵف و سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا. ڕۆشتە ناو گروپی دانس کردنەوە، لە ١٩٠٦ شارەزا بوو لە سەمای بۆستۆن. لە ١٩٠٨ وەك شارەزایەك لە سەمای ماکسیکس دانرا، وە لە ١٩٠٩ دانسەکانی هۆڵی دوژمنی هەموو گەنجەکانی شارۆچکەکە بوو.

بەدڵنیاییەوە، چالاکیە کۆمەڵایەتیەکانی ڕۆچووبوو لەگەڵ هەندێك لە بوارە بازرگانیەکانیدا. بەڵام بۆماوەی بیست و پێنج ساڵ لە فرۆشتنی بەکۆمەڵی شمەکدا بە قورسی کاری کردبوو، بۆیە پێی وابوو دەبێت بەزووی کارەکان بداتە دەستی کوڕەکەی ڕۆسکۆ کە ئەوەندە نەبوو لە زانکۆی هاڤارد تەواوی کردبوو.

لەڕاستیدا، خۆی و کوڕەکەی زۆرجار لەیەك جیانەدەکرانەوە. ئەمە بنیامینی دڵخۆش دەکرد. بەزووی ئەو ترسەی لەبیرکرد کە توشی بوو بوو لەکاتی گەڕانەوەی لە شەڕی ئەمریکا و ئیسپانیا.

ئەم ترسا گۆڕا بۆ خۆشیەکی ڕاستەقینە لە ڕوخساریدا. ڕقی لەوەبوو کە لەگەڵ ژنەکەیدا دەربکەوێت لە ناو خەڵکدا، تەنها ئەم مێشە هەبوو لەناو ئەم

کرێمە تام خۆشەدا. هێلدیگارد پەنجا ساڵ دەبوو، بنیامین بەبینینی هەستی بە بێمانایی دەکرد.

لە ڕۆژێکی مانگی نوێی ساڵی ١٩١٠، چەند ساڵێك دوای ئەوەی کۆمپانیای ڕۆجەر بەتن و کۆمەڵ فرۆشی شمەك ڕادەستی ڕۆسکۆ بەتنی لاو کرا. پیاوێك کە تەمەنی نزیکی بیست ساڵ دەبوو وەك خوێندکاری قۆناغی یەکەم خۆی خستە ناو زانکۆی هارڤارد لە کامبریج. نە ئەو هەڵەیەی کرد کە بڵاوی بکاتەوە جارێکی تر تەمەنی پەنجا ساڵی نابینێتەوە، وە نە باسی ئەو ڕاستیەشی کرد کە کوڕەکەی دە ساڵ پێش ئێستە لە هەمان شوێن خوێندنی تەواو کردوە.

وەرگیرا، وە ئەوەندەی نەبرد پۆستێکی دیاریکراوی وەرگرت لە گروپەکەیدا لەبەرئەوەی کەمێك گەورەتر دیاربوو لە خوێندکارەکانی تری قۆناغی یەکەم کە تەمەنیان بە زۆری هەژدە ساڵ بوو. بەڵام سەرکەوتنەکەی بە زۆری بەهۆی ئەو ڕاستیەوە بوو کە لە یاری تۆپی پێدا لەگەڵ زانکۆی یەڵ زۆر بە کارامەیی یاری دەکرد. بە پاس دان و تووڕەبییەکی سارد و دڵڕەقەوە، حەوت هێرشی تۆمارکرد و چواردە ئۆفسایدی کرد بۆ هارڤارد. بەهۆیەوە یانزە یاریزانی یەڵ گوازرانەوە لە ساحەکەدا. بوو بە ناسراوترین کەس لە زانکۆکەدا.

سەیرە بۆوتن، لە سێیەم ساڵی زانکۆیدا بە دەگمەن توانی بەشداری لە تیمەکەدا بکات. ڕاهێنەرەکان وتیان کێشی دابەزیوە. بۆ زۆرێك لە چاودێرەکان وا دەردەکەوت کە وەك پێشوو باڵای بەرزنیە، وە هیچ هێرشێکی نەدەکرد. لەڕاستیدا، لە تیمەکەدا هێڵدرابوویەوە بەو هیوایەی ناو و ناوبانگە گەورەکەی ترس و پەرتەوازەیی بخاتە دڵی تیمی یەڵەوە. لە قۆناغی چواری زانکۆدا هەر نەیتوانی بەشداری لە تیمەکەدا بکات. زۆر زەعیف و لاواز بوو بوو. ڕۆژێکیان لەلایەن چەند خوێندکارێکی قۆناغی دووەمەوە وەك خوێندکاری قۆناغی یەکەم دانرا، ڕووداوێك بوو کە زۆر تەریقی کردەوە. وەك کەسێکی بلیمەت ناسێنرا خوێنکارێکی قۆناغی چوارەم کە لە شانزە ساڵ زیاتر نەبوو.

زۆرجار شۆك دەبوو لە زیرەكی و كارامەیی هەندێك لە هاوپۆلەكانی. وانەكان گران دیاربوون بۆی، وای هەست دەكرد لە ئاستی زۆر پێشكەوتوون. گوێی لێبوو هاوپۆلەكانی باسی ست مایدەسیان دەكرد. قوتا بخانەیەكی سەرەتایی بەناوبانگ بوو، كە زۆربەی خوێنكارەكان لەوێ خوێندبوویان. بنیامین بڕیاریدا دوای تەواوكردنی زانكۆی بڕوات بۆ ئەوێ. ژیانی پارێزراوبوو لە نێوان كوڕانی هەمان قەبارەی خۆیدا، ئەوێ گونجاوتربوو بۆ ئەو.

دوای تەواوكردنی خوێندنی لە ١٩١٤، بە بڕوانامەی دیبلۆمەوە ڕۆشتەوە بۆ ماڵەوە، بۆ بۆڵتیمۆر. هێلدیگارد ئێستا لە ئیسپانیا دەژی، بۆیە بنیامین ڕۆشت لەگەڵ ڕۆسكۆی كوڕی بژی. هەرچەندە كوڕەكەی بەشێوەیەكی عادەتی بەخێرهاتنی كرد، بەڵام هیچ پەرۆشی و دڵسۆزیەك لە هەستەكانیدا نەبوو بۆی. تەنانەت هەست بەوە دەكرا كە كوڕەكەی نیگەرانی ئەوەبوو بنیامین هەرزەكارێكە لە ماڵەكەیدا.

ڕۆسكۆ ئێستا هاوسەرگیری كردوە و كەسێكی دیارە لە بۆڵتیمۆردا، بۆیە نەیدەویست هیچ وتی وتیەك ببیستێت كە پەیوەندی بە خێزانەكەیەوە هەبێت.

بنیامین چیتر كەسێكی قبوڵنەكراوبوو لای خانمە تازە پێگەشتووەكان و خوێندكارە لاوەكان. خۆی لەناو تەنهاییەكی تەواو جێهێڵدراودا دۆزییەوە. تەنها هاوڕێیەتی سێ بۆ چوار كوڕی پانزە ساڵی دراوسێیان نەبێت. بیرۆكەی ڕۆشتنی بۆ قوتا بخانەی ست مایدەس بیركەوتەوە.

ڕۆژێكیان بە ڕۆسكۆی وت، " دەزانیت ئەمە چەندەمین جارە پێت دەڵێم دەمەوێت بڕۆم بۆ قوتا بخانەی سەرەتایی."

ڕۆسكۆ بە كورتی وەڵامی دایەوە، "دەی كەواتە بڕۆ."

بابەتەكە بێتام بوو بۆی بۆیە دەیویست خۆی لادات لە مناقەشەكردن.

بنیامین بەبێ دەسەڵاتیەوە وتی، "ناتوانم بەتەنها بڕۆم، تۆ ئەبێت بمكەیتە ژوورەوە و تا ئەوێ بمبەیت."

"كاتم نیە." چاوەكانی باریك كردەوە و بە بێزارییەوە سەیری باوكی كرد، "لەڕاستیدا، باشترە چیتر بیر لەم ئیشە نەكەیتەوە. باشترە ئەوەندە بەرز نەفڕیت، باشترەوایە__باشتروایە..." بێدەنگ بوو، ڕوخساری سورهەڵگەڕا كاتێك بۆ وشە دەگەڕا. "باشترە بەلای ڕاستدا ئاوڕبدەیتەوە، بە ڕێگەیەكی تردا بگەڕێیتەوە. ئەمە زۆر لە نوكتەیەكەوە دوورە، چیتر جێگەی پێكەنین نیە، وەك ئەوەی هەیت ڕەفتاربكە. خۆت بە!"

بنیامین سەیری دەكرد و دڵی پڕبوووبوو لە گریان.

ڕۆسكۆ بەردەوام بوو. "شتێكی تریش، كاتێك كە میوان لە ماڵەكەدایە دەبێت بە مامە بانگم بكەیت نەك ڕۆسكۆ، تەنها (مامە) تێگەشتیت؟ جوان نیە كوڕێكی پانزە ساڵ بەناوی خۆمەوە بانگم بكات. واباشترە بە مامە بانگم بكەیت هەمووكاتێك بۆئەوەی ڕابێیت پێی."

بە نیگایەكی دڵڕەقانەوە لە باوكی دووركەوتەوە.

لەكۆتایی دانیشتنەكەدا، لە نهۆمی سەرەوەدا بە دڵتەنگی دەسوڕایەوە و سەیری خۆیی كرد لە ئاوێنەكەدا. سێ مانگە ڕیشی نەتاشی بوو، كەچی هیچ شتێكی نەدۆزیەوە لەسەر ڕوخساری جگە لە چەند موویەكی سپی لاواز نەبێت كە پێویست نەبوو دەستی لێبدرێت. كاتێك سەرەتا لە هارڤارد هاتەوە بۆ ماڵ، ڕۆسكۆ بە كۆمەڵێك داواكارییەوە ڕۆشت بۆلای، كە ئەبێت چاویلكە لە چاو بكات و ڕیشی دەستكرد بلكێنێت بە ڕوومەتیەوە. ئەمەش بۆ ساتێك وا دەردەكەوت كە گاڵتەجارییەكانی ساڵانی سەرەتای تەمەنی دووبارە دەبووەوە، بەڵام ڕیشەكە هەستیاری بۆ پێستی دروستكرد و شەرمەزاری كرد. دەستی كرد بە گریان و ڕۆسكۆ بە نابەدڵیەوە وازی لێهێنا.

بنیامین کتێبێکی چیرۆکی کوڕانەی کردەوە. "کوڕێك دەگەڕا لە کەنداوی دورگەی بیمینی." دەستی بە خوێندنەوەی کرد، بەڵام هەر بیری لە شەڕدەکردەوە. لەو چەند مانگەی پێشوودا، ئەمریکا پەیوەندی بە هاوپەیمانانەوە کردبوو. بنیامین ویستی خۆی ناونوس بکات بەڵام داخەکەم کەمترین تەمەن شانزە ساڵ بوو. وە ئەم تەمەنی ئەوەندە دەرنەدەکەوت. تەمەنی ڕاستەقینەی پەنجا و حەوت ساڵ بوو، مافی بەشداریکردنی نەدەهێشت.

تەقەی لە دەرگا دانێك هات. پۆستەچیەك نامەیەکی هێنا کە مۆرێکی گەورەی فەرمی بە سوچێکیەوە بوو، نێردرابوو بۆ بەڕێز بنیامین بەتن. بنیامین بە پەرۆشییەوە نامەکەی کردەوە. بەکەیفەوە خوێندیەوە. لە نامەکەدا هاتبوو کە زۆربەی ئەو ئەفسەرانەی لە شەڕی نێوان ئەمریکا و ئیسپانیادا خزمەتیان کردوە، بانگکراونەتەوە بۆ خزمەتکردن بە پلەیەکی بەرزترەوە. لە کۆتاییەکەیدا نوسرابوو، ئەرکەکەی فەرماندەی هێزە لە سوپای ئەمریکادا. وە داواکرابوو ڕاستەوخۆ هەواڵ بدات.

بنیامین هەستایە سەرپێ و لە پەرۆشیدا دەلەرزی. ئەمە ئەو شتە بوو کە دەیویست. کڵاوەکەی هەڵگرت و دە خولەك دوای ئەوە خۆی کرد بە دوکانێکی بەرگدووری گەورەدا، لە شەقامی چارلین. بە دەنگە بەرزەکەیەوە داوای کرد کە قیاسی بگیررێت بۆ جلێکی فەرمی.

خاوەن دوکانەکە لە پڕ وتی، "کوڕە دەتەوێت یاری سەربازێن بکەیت؟"

بنیامین سورهەڵگەڕا. "دەزانی چی؛ کێشەی تۆ نیە من چیمەوێت. ناوم بەتنە لە ماوت ڤێرنەنت دەژیم، کەواتە دەرانیت من گونجاوم بۆی."

بەرگدوورەکە بە دوودڵیەوە وتی، "باشە، گەر بۆخۆت نەبێت پێم وایە بۆ باوکتە."

بنیامین قیاسکرا و هەفتەی داهاتوو جلەکەی ئامادە بوو. ئاسان نەبوو بۆی کە باجێکی ژەنەراڵی گونجاوی دەست بکەوێت چونکە فرۆشیارەکە هەر

جـەختی لەسـەر ئـەوە دەکـردەوە کـە بـاجی (وای. دەبلیـو. ئـەی.) زۆر بـاش دیـارە، وە بۆ یاری کردن زۆر خۆشە.

هیچـی بـە ڕۆسـکۆ نـەوت. شـەویکیان مـاڵی بەجێهێشـت و بـە شـەمەندەفەر ڕۆشـت بـۆ کـەمپی مۆسـبی، لـە باشـووری کارۆلینـا، لـەوێ ڕابـەری هێزێکـی پیـادەی دەکـرد. لـە ڕۆژێکـی گـەرمی مـانگی گوڵانـدا، نزیـك بـووەوە لـە دەروازەی کەمپەکـە. پـارەی تەکسـیەکەی دا کـە لـە وێسـتەگەکەوە هێنـابووی و ڕۆشـت بـۆلای پاسـەوانی ئێشکگرەکە.

بەخێرایی وتی، "کەسێك بێنە با جانتاکەم هەڵبگرێت!"

پاسـەوانەکە بـە گومانـەوە سـەیری کرد، "چـی! کـوڕە بـەم جلـی ژەنەراڵییـەوە بـۆ کـوێ دەچیت؟"

بنیـامین کـە جـەنگاوەرێکی کـۆنی شـەڕی نێـوان ئـەمریکا و ئیسـپانیابوو، نزیـك بـووەوە لێـی، چـاوەکانی ئـاگری دەکـردەوە، بـەڵام بەداخـەوە بـەدەنگێکی گـۆڕاوی مناڵانـەوە وتی، "وریابـە!" ویسـتی بقیڕێنێـت، هەناسـەیەکی هەڵمـژی و لـە پڕ بـینی پاسـەوانەکە قاچـەکانی جـووت کـرد و تفەنگەکـەی بـەڕێکی بـە لاکەمەریـەوە گـرت. بنیـامین دڵخۆشـیەکەیی شـاردەوە، بـەڵام کاتێـك ئـاوڕی دایـەوە لـە کرچـووەوە. ئـەوە (وریابـە) کـەی ئـەو نـەبوو کـە پاسـەوانەکەی گوێڕایـەڵکرد بـەڵکو شـکۆداری فەرمانـدەی تـۆپ هاوێژەکـەبوو کـە بەسـەر ئەسـپەکەیەوە نزیـك دەبووەوە.

بنیامین دەنگی بەرزکردەوە و بانگی کرد، "فەرماندە!"

فەرمانـدە هاتـە پێشـەوە و جڵـەوی ئەسـپەکەی گـرت. بـە وریجانەوەیـەك لـە چاوەکانییدا، بەساردییەوە سەیرێکی بنیامینی کرد. "بچکۆل، کوڕی کێیت؟"

"بـەم نزیکانـە زۆر بـەجوانی پیشـانت دەدەم کـوڕی کـێم!" بـە توڕەییـەوە وتـی، "دابەزە لەسەر ئەو ئەسپە!"

فەرماندا قاقای لێدا. "ئێە، ئەوەت دەوێت ژەنەراڵ؟"

بنیامین هاواری کرد. "سەیرکە! ئەمە بخوێنەرەوە."

فەرماندە خوێندیەوە و خەریك بوو چاوی دەرپەڕێ. نامەکەی خستە گیرفانیەوە و پێی وت، "ئەمەت لە کوێ بووە؟"

"لە حکومەتەوە وەرم گرتووە. تۆش بەزووی بۆت دەردەکەوێت!"

بە سەیرکردنێکی گوماناوییەوە وتی، "لەگەڵمدا وەرە، دەچینە مەڵبەندەکەوە، قسەی لەسەر دەکەین. وەرە."

فەرماندە بە ئەسپەکەیەوە بەرەو مەڵبەند کەوتەڕێ.

تاکە شت کە بتوانێت بیکات ئەوە بوو بە شکۆدارییەوە شوێنی فەرماندە بکەوێت. لە هەمان کاتتدا، بەڵێنی بەخۆی دا کە تۆڵەیەکی باشیان لێ بکاتەوە.

بەلام ئەم تۆڵە کردنەوەی بەرجەستە نەبوو. کوڕەکەی لە پڕ لە بۆڵتیمۆرەوە دەرکەوت. توڕە و بێ جەو بە گەشتێکی ماوە کورت، ژەنەراڵە گرینۆکەکەی بە جلەکانیەوە هێنایەوە بۆ ماڵەوە.

ساڵی ١٩٢٠ یەکەم منداڵی ڕۆسکۆ بەتن لەدایك بوو. لەکاتی ئامادە بوونی ئاهەنگەکەدا، هەرچەندە هیچ کەسێك بیری لێنەدەکردەوە باسی ئەو "شتە" بکات. ئەو کوڕە بچوکە چلکنەی دە ساڵانێك دیاربوو، یاری بە سەربازی ئاسنین دەکرد با پیری منداڵە تازە لەدایك بووەکە بێت. هیچ کەسێك ڕقی لەو کوڕە نەبوو کە ڕوخسارە شیرین و گەشەکەی تەنها کەمێك خەمباری لێنیشتبوو. لە کاتێکدا، هەبوونی بۆ ڕۆسکۆ بەتن سەرچاوەی ناڕەحەتی و ناخۆشی بوو. لە زاراوەی ڕەچەڵەکییدا، ڕۆسکۆ بابەتەکەی بە مەنتیقی نەدەزانی. پێی وابوو کە باوکی کەسێکی خورت و چالاك نەبووە بۆیە وەك شەست سلانێك دەرناکەوێت. ئەمە باشترین قسەی ڕۆسکۆ بوو، بەلام بەشێوەیەکی نامۆ و نائاسایی. لە

ڕاستیدا، بە بیرکردنەوە لەم بابەتە هەتا نیو کاتژمێر تا لێواری شێتی دەیبرد. ڕۆسکۆ پێی وابوو کە چوست و چالاکی ئەبێ بە گەنجی بهێڵرێتەوە بەڵام تا ئەو ڕادەییە نەگونجاوە.

پێنج ساڵ دواتر، کوڕە بچووکەکەی ڕۆسکۆ ئەوەندە گەورە بووبوو کە یاری منداڵانە لەگەڵ بنیامینی بچوکدا بکات، لە ژێر چاودێری هەمان دایەندا. ڕۆسکۆ هەردوکیانی لە هەمان ڕۆژدا دەبرد بۆ باخچەی ساوایان. بنیامین درکی بەوە کرد کە یاری کردن بە پارچە کاغەزە بچوکە ڕەنگاو ڕەنگەکان و دروستکردنی چوارچێوە و نەخشی جوان خۆشترین یارین لە جیهاندا. جارێکیان باش نەبوو، لە سوچی ژوورەکەدا وەستا و دەستی کرد بە گریان، بەڵام زۆربەی کاتەکانی بە خۆشی دەگوزەرا لە ژوورە بچوکەکەدا. لەگەڵ هاتنی تیشکی خۆر لە پەنجەرەکەوە دەستە میهرەبانەکانی خاتوو بەیلی بۆ خولەکێك ئیسراحەتی دەکرد لە ناو قژە بژەکەی بنیامیندا.

کوڕەکەی ڕۆسکۆ دوای ساڵێك ڕۆشتە پۆلی یەك بەڵام بنیامین هەر لە باخچەی ساوایان مایەوە، زۆر دڵخۆش بوو. هەندێك کات کە منداڵەکان باسی ئەوەیان دەکرد کە گەورە بوون چی دەکەن سێبەرێك بەسەر ڕوخسارە بچوکەکەی بنیامیندا تێدەپەڕی وەك ئەوەی بە شێوەیەکی تاریکی منداڵانە هەستی بەوە کردبێت کە ئەوانە شتانێکن ئەم نابێت هەرگیز بەشدارییان تێدا بکات.

ڕۆژەکان بەهەمان ناوەڕۆك هەڵدەکشان. بنیامین بۆ سێیەم ساڵ گەڕاییەوە بۆ باخچەی ساوایان، بەڵام ئێستا ئەوەندە منداڵە کە تێناگات بەشە بریقەکەی کاغەزە ڕەنگدارەکان بۆچی بەکاردێت. دەستی دەکرد بەگریان چونکە کوڕەکانی تر لەم گەورەتر بوون و دەترسا لێیان. مامۆستاکەی قسەی لەگەڵ کرد بەڵام هەرچەندە هەوڵی دەدا تێبگات هەر نەیدەتوانی.

لە باخچەی ساوایان برایە دەرەوە، دایەنەکەی ( نانا ) بە عەزییە خانەخانەکەیەوە بوو بە ناوەندی جیهانە بچوکەکەی ئەو. لە ڕۆژە ساماڵەکاندا،

دەڕۆشتن بۆ پارك. نانا ئاماژەی بۆ دێویکی ڕەساسی کرد و وتی "فیل" وە بنیامینیش بەدواییدا دەیوتەوە. دوای ئەوەی جلەکانی گۆڕی و ڕۆشتە سەر جێگەکەی دوبارە و دوبارە بە دەنگێکی بەرزەوە دەیوتەوە، "فیل،فیل،فیل" هەندێك جار نانا ڕێگەی پێدەدا لەسەر جێگەکە هەڵقونێت کە پێی دڵخۆش دەبوو. چونکە ئەگەر بەتەواوی دانیشیت ئەوە جێگەکە هەڵتەبەزێنێتەوە سەر پێیەکانت دوبارە. وە ئەگەر بڵێی"ئەهـ!" بۆ ماوەیەکی زۆر کاتێك خۆت بەرزدەکەیتەوە ئەوە دەنگێکی خۆشی جیاواز دروست دەکەیت. حەزی دەکرد لە بردنی گۆچانێکی گەورە لە چڵاکەکەوە و بسوڕێتەوە و بدات لە مێزەکان و بڵێت، "شەڕ، شەڕ."

کاتێك کە خەڵك لەوێ بوایە ژنی بەتەمەنەکان بەتوندی دەیاندا بە شتێکدا بۆی و بەمەش دڵخۆش دەبوو. خاتوونە گە نجەکان دەیانگرت ماچی بکەن ئەویش بە کەمێك بێزارییەوە خۆی دەدا بەدەستەوە. کاتێك کە ڕۆژە دوور و درێژەکە لە کاتژمێر پێنج تەواو بوو، لەگەڵ نانادا ڕۆشتە سەرەوە تا بە کەوچکێك شۆفان و خواردنی شلی خۆشی پێ بدرێت.

هیچ یادگاریەکی ناخۆش لە خەوە منداڵانەکەیدا بوونی نەبوو.نە هیچ یادگاریەکی ڕۆژە بلیمەتەکانی کۆلێژی بەبیر دەهاتەوە. نە ساڵە درەوشاوەکانی کە دڵی چەندین کچی بۆ خۆی ڕاکێشابوو. تەنها دیوارە سپیەکەی لانکەکەی و نانا بوونی هەبوو لەگەڵ پیاوێکدا کە جار جار دەهات بۆ بینینی. هەروەها تۆپێکی پرتەقاڵی گەورە کە نانا هەر پێش کاتی خەوتنی دەستی بۆ ڕادەکێشا و پێی دەوت "خۆر".

لەکاتی ئاوابوونی خۆرەکەدا، چاوەکانی خەواڵو بووبوون___ هیچ خەونێك بوونی نەبوو، هیچ خەونێك تا سەری لێبدات.

ڕابردوو، کاتێک سەرکردەی پیاوەکانی بوو لە جەنگی گردەکەی سان وان. ساڵەکانی سەرەتای هاوسەرگیریەکەی، کاتێک تا درەنگانێک کاری دەکرد لە زەردەپەڕی هاوینی شارە قەرەباڵغەکەدا بۆ هێڵدیگاردی گەنج کە خۆشی دەویست.

ڕۆژەکانی پێش ئەوە کاتێک دادەنیشت لەگەڵ باپیریدا جگەرەی دەکێشا تا درەنگانێکی شەو لە ماڵە کۆنە دڵتەنگەکەی بەتنندا، لە شەقامی مەنرەو. هەموو ئەم شتانە وەک خەونێکی بێ مانا پوکانەوە لە مێشکیدا، وەک ئەوەی هەرگیز نەبووبن.

بیری نەدەکەوتەوە، بەتەواوی بیری نەدەکەوتەوە ئاخۆ ئەو شیرەی کۆتا جار خواردبییەوە گەرم بوو یان سارد بوو، یاخود چۆن ڕۆژەکان تێپەڕین. تەنها لانکەکەی و نانا کە ئاشنا بوو بۆی، بوونی هەبوو. دواتر، هیچی بیرنەما.

کە برسی دەبوو دەستی بە گریان دەکرد، ئەوە هەموو شتێک بوو. بە درێژایی شەو و ڕۆژ هەناسەی دەدا، وە بەسەر سەریەوە ورتە ورت و منگە منگێکی نەرم دەهات کە بە دەگمەن دەیبیست. وە بەلاوازی بۆنەکانی لەیەک جیادەکردەوە لەگەڵ ڕووناکی و تاریکی.

دواتر، هەمووی تاریک بوو، وە لانکە سپییەکەی و ڕوخسارە تەڵخەکان کە بەسەر سەرییەوە دەجولان، هەروەها بۆنە خۆشە گەرمەکەی شیرەکەش هەمووی بەیەکەوە پووکانەوە لە بیر و مێشکیدا.